کارەبای هەرێم:پرۆسەی چاکسازی لە یەکەکانی بەرهەمهێنان بە سەرکەوتوویی بەرەو تەواوبوون دەچێت

وەزارەتی کارەبا ڕایدەگەیەنێت، پرۆسەی چاکسازی لە یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا "بە سەرکەوتوویی بەرەو تەواوبوون دەچێت" و سبەی هەینی دەخێ کارەبا ئاسایی دەبێتەوە.

لێژی پێنجشەممە، 25ی4ی2024، وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، پرۆسەی چاکسازی لە یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە سەرکەوتوویی بەرەو تەواوبوون دەچێت.

وەزارەت ئاماژەی بەوەش داوە، بیارێ سبەی هەینی، 26ی04ی2024، پڕۆسەی چاکسازی تەواو بێت و "بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە."

ئاماژە بەوەش دراوە، پڕۆسەی چاکسازی لە یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا ساڵانە دەکرێت و وەزارەتی کارەبا پێی باش بوو لەم وەرزەدا پێش هاتنی وەرزی گەرما بکرێت.